www.kurdistannet.org
4-10-2006 9:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بۆ داوا لە دێڤید نیوتنو دکتۆر بەرهەم ساڵح ناکەن بۆ شایەتیدان لەدژی سەددامو دارودەستەکەی؟ دەرسیم دیبەگەیی

16 .9 .6200 شەممە

Darsim2006@hotmail. com



هەروەکو هەمووومان دەزانین کە پرۆسەی دادگاییکردنی سەددامو شەش کەسی تر لەهەتیوەکانی بەعس لەسەر تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابانکردنی کوردستان لەرۆژی 21 .8 .2006دا دەستپێکرد. زۆربەمان پێمان وابوو، لەبەر زۆری بەڵگەنامەو شایەت لەسەر تاوانەکانی ئەنفالو کیمیاباران، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم دادگاییکردنە، سەددامو دارودەستەکەی وەکو سەگی حیز کلکیان دەخەنەوە ناو گەڵیانو دان بەتاوانەکانیاندا دەنێن. کەچی وا دەرنەچوو، بەڵکو ئەوان سوورن لەسەرئەوەی کە چەکی کیمیاوییان بەکار نەرهێناوە، خۆ ئەگەر بەکاریش هاتبێت ئەوە ئێران بەکاری هێناوە نەک ئێراق. دەڵێن: (پیاوی سوک دەردی سوکی ناکێشێ... زامی ئەندامی مردو نائێشێ)، ئەو تاوانبارانەش چونکە ئەوەندە سووکو ریسوا بووینە، هەست بەدەردی سووکی خۆیان ناکەنو ئازاری سووک بوونی خۆشیان ناکێشن. ئەو تاوانبارانە وەکو ئەندامی مردووی لەشی مرۆڤیان لێهاتووە کە نەک هەر زامەکانیان ئازاریان نادات، بەڵکو لە هۆڵی دادگادا زۆر بێشەرمانە وا خۆیان نیشاندەدەن کە داشیان سوارەو چەندین ووشەی لەخۆیان ناشرینتری وەکو تێکدەر لەبری پێشمەرگەو، تەمەڕود لەبری شۆڕشو، بەکرێگیراو لەبری نیشتمانپەروەریان بەکارهێنا، جگە لەچەند ووشەیەکی تری وەکو درۆزن، نەزانو کەللەی سەرتان دەهاڕم.

دەربارەی شایەتەکان، دەبوایە هەوڵی ئەوە بدرابایە کە جۆرە کەسانێک ببەن بتوانن بەڕێکوپێکی قسەکانیان بکەنو وەڵامی تاوانبارەکانیش بدەنەوە، یاخود دەبوایە پێشتر پارێزەرە کوردەکان رێنمایی ئەوەیان بکردنایە کە چی بڵێنو چۆن وەڵامی تاوانبارو پارێزەرەکانیان بدەنەوە. بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری شایەتەکان خەڵکی دێهاتەکانو خوێندەوار نینو ئاستی رۆشنبیرییان بەرز نییەو، کارەساتی ئەنفالو کیمیاباران کاری زۆری کردۆتە سەریانو وای لێکردوون کە نەتوانن وەڵامێکی راستو دروستی پرسیارەکانی تاوانبارەکانو پارێزەرەکانیان بدەنەوە. هەرچی دەربارەی بەڵگەنامەکانیشە تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی وا نەخراوەتە روو، کە ببێتە هۆی ئەوەی نە تاوانبارەکانو نە پارێزەرەکانیشیان بتوانن لەوە زیاتر نکوڵی لەئەنجامدانی هێرشەکانی ئەنفالە بەدناوەکانو کیمیابارانکردنی بێبەزەییانەی دێهاتەکانمان بکەن! هەرچەندە دڵنیام بەڵگەنامەی باش هەن بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانە بگرە هەر لە کاسێتی ڤیدیۆ، کاسێتی تۆمارکەر (ریکۆردەر)، تا دەگاتە هەزاران نامەی فەرمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەکو سەرکردایەتیەکانی بەعس، سوپا، هەواڵگریو بیرۆی باکووری پارتی بەعسی عەرەبی سەددام.

داواکارم سەرکردایەتی کوردو پارێزەرە کوردەکان هەوڵی ئەوە بدەن، (دێڤید نیوتن) ی باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە ئێراقو دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراق بانگ بکەن بۆ ئامادەبوونو شاتەتیدان لەدژی ئەو تاوانبارانەدا، چونکە یەکەمیان دێڤید نیوتن، باڵوێزی ئەمریکی لە ئێراق لە سالانی 1984-1988دا، لەکاتی گەشتێکی خۆیدا وەکو نوێنەری ئەمریکی بۆ میسرو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەرۆژی (17 .2 .1998) دا لە قاهیرە، لەلایەن رۆژنامەنووسێک پرسیاری ئەوەی لێکرا: کە ئایا ئەمەریکا نارەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی کوردەکان لە هەڵەبجەدا؟. (1) .

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی رۆژنامەنووسەکەدا، دێڤید نیوتن دەڵێت: (ئێمە کاتی خۆی هەڵساین بە دەرکردنی چەندین بەیاننامە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوکاتە گرنگی بە دەمارگیرێتی ئێرانو مەترسی توندڕەوی شیعە دەدرا، هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو کارە نەبووە جێگای سەرنجی رۆژنامەگەری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو باسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقیدا خستەڕوو. لەیادمە جارێك لەکاتی سەردانی ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ ئێراق، ئەو باسەیان لەگەڵ تارق عەزیز-دا خستەڕوو، تارق عەزیز کە بەزۆری ئارامو لەسەرخۆیەو دەیتوانی خۆی دوورخاتەوە لەو جۆرە پرسیارانە، بەڵام ئەمجارە ئەو جۆرێك لەگرژی نیشانداو ئاوا وەڵامیدانەوە: (بەڵێ، بە دڵنیایی ئێمە چەکی کیمیاویمان لەدژی ئەو خەڵکە دواکەوتووانە بەکارهێناوە. لەبەرچی؟ ئەگەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە هەر لەدژیاندا بەکارمان دەهێنا) . دێڤید نیوتن دەڵێت: (تەواوی ئەوانەی لە ژوورەکەدا دانیشتبوون سەریان سووڕما لەو وەڵامەی ئەو بەرپرسە ئێراقیە) . تارق عەزیز، ئێستاکە لەبەر دەستدایەو دەتوانرێت کاریش بۆ ئەوە بکرێت دێڤید نیوتنو ئەو سیناتۆرە ئەمریکییانە بدۆزرێنەوەو، داوایان لێبکرێت ئامادەی دادگا بن بۆ شایەتیدان لەسەر ئەو قسەیەی کە تارق عەزیز لەبەردەم ئەوانو، لەکاتی باسکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی خەڵکی هەڵەبجەو کوردستاندا، بەتووڕەییو هەڵچوونەوە کردوویەتیو دانی بەوەدا ناوە کە کوردەکان بەچەکی کیمیاوی هێرشیان کراوەتە سەر!

دووەمیشیان دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراقە کە لەکاتی سەردانێکیدا بۆ ئەو زیندانەی کە سەددامو عەلی کیمیاویو پیاوە ترسنۆکەکانی سەددام-ی تیادا زیندانی کراوە. دوای ئەوەی دکتۆر بەرهەم خۆی بە عەلی حەسەن مەجید دەناسێنێ کە جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراقەو کوردێکی شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کراوی دەستی ئەوە، عەلی کیمیاوی دەمی تێکدەئاڵێو بەپەشۆکاوییەکی زۆرەوە وتویەتی: (نزار خەزرەجی بەرپرسی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەیە نەک من) . (2) . ئەو دان پیانانەی عەلی کیمیاوی زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، گرنگ ئەوە نییە کێ بەرپرسە یاخود کێ تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی ئەنجام داوە، گرنگ ئەوەیە تاوانەکە لەسەر رژێمی ئێراقو بەعس ساغ بێتەوە، ئەگینا بۆ ئێمە چ سەددام، عەلی حەسەن مەجید، نزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، سابر عەزیز حوسێن ئەلدوری، فەرحان موتڵەگ ساڵح ئەلجبوری، ئەیاد خەلیل زەکی، سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری، یونس محەمەد عەلی ئەلزارب، بارەق عەبدوڵڵا، ئەیاد فتەیح ئەلڕاوی، هشام سەباح ئەلفەخری، تالّع خەلیل ئەلدوری، غازی عجیل یاوەر، عەلاوی، ئەحمەد چەلەبی، سیستانی، ئیبراهیم جەعفەری، ساڵح موتلەگ، حارس زاری، عەدنان دلێمی، یاخود چ مالکی بێت هەموویان هەر یەکنو لەڕووی ئایدۆلۆجیو بیروبۆچوونو هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە دۆزی کوردو کوردستان بەموو لێک جیا نینو گشتیان کۆپی یەکترن. ئەوە نییە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێراق، کە زۆرجار بەئاشکرا کاتی خۆی گوتوویەتی: (سەدام حوسێن، مافی خۆیەتی ئاوا لە کوردەکان دەکاتو بەمشێوەیە لەناویان دەبات) . (3) . گرفتەکە ئەوەیە سەرکردایەتی کورد جەعفەری بەدۆستی ستراتیجی خۆی دەزانێت. ئەو دان پیا نانەی عەلی کیمیاوی بەوەی کە نزار خەزرەجی بەرپرسی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بێت نەک خۆی، زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێش چوونی رەوتی دادگاییکردنەکەو، ساغبوونەوەی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دێهاتەکانی تری کوردستان لەلایەن سوپای رژێمی دکتاتۆری رەگەزپەرستی عەرەبی بەعس لەئێراقدا. هەروەها لەیەکێ لە کاسێتە تۆمارکراوەکان بەدەنگی عەلی حەسەن مەجیدی تاوانبار، ئەو تاوانبارە زۆر راشکاوانە باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی گەلەکەمان دەکاتو دەڵێت: (جەلال تاڵەبانی داوای لەمن کرد کە کەناڵێکی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵدا بکەمەوە. ئەو شەوەی من چوم بۆ سلێمانیو

بەتەقەمەنی تایبەت لێم دان. بە موستەشارەکانم (سەرۆک جاشەکانم) راگەیاند کە لەوانەیە بڵێن گوندەکانیان خۆشدەویێتو جێیان ناهێڵن. وتم، من ناتوانم گوندەکەتان وەک خۆی بهێڵمەوە، چونکە بەچەکی کیمیاوی پەلاماری ئەدەم. ئەوسا، خۆتو خێزانەکەت دەمرن. دەبێ هەر ئێستا جێیهێڵی، چونکە من ناتوانم لەهەمان رۆژدا پێت بڵێم ئەمەوێت بەچەکی کیمیاوی هێرش بکەم. هەموویان بەچەکی کیمیاوی دەکوژم! کێ هەیە شتێ بڵێ؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و ئەوانەیش گوێیان لێدەگرن، دەگێم!) . (4) . ئەو کاسێتەش کە بەدەنگی تاوانبار عەلی کیمیاوی خۆیەتی زۆر گرنگە کە تیایدا باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەکات لەدژی هاووڵاتییە گوندنشینەکانی کوردستانو دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو بەسەر خۆیی‌و رژێمەکەشیدا.

هەروەها داواکردنی دکتۆر بەرهەم‌یش لەپێناوی ئامادەبوون لە دادگا بۆ شایەتیدانو رووبەڕووبوونەوەی تاوانبار عەلی کیمیاوی کارێکی ئەوەندە زەحمەت نییەو، دڵنیاشم ئەگەر داوای لێ بکرێت ئەوکاتە ئەو بەدڵێکی خۆشەوە ئامادە دەبێت بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەو ئەو شایەتی دانە، هەروەها ئەم کارەش بە قازانجو لەبەرژەوەندی ئێمەی کوردو کوردستانی دەبێتو کۆتایی دێت.

سەرچاوەکــــــــان:

(1) . المنار الكوردى، العدد (53)، لشهر إب 1998، جريده نصف شهريه سياسيه، يصدرها الاتحاد الوطنى الكوردستانى - مكتب الخارج باللغه العربيه.

(2) . رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (25)، سێشەممە 28. 9. 2004. ل1.

(3) . مامۆستا جەعفەر (فازل ئەحمەد کەریم)، بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، بەرنامەی "دیدار" تەلەفزیۆنی کوردسات، پێنجشەممە 27. 4. 2006.

(4) . رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ-خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراقو تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز، ژ وەشانێن گۆڤارا هاڤیبون 7، چاپی یەکەم، بەرلین 2000. ل259.